# سەرکۆماری سربستان وڵاتانی جیهان بە سەربەخۆیی کوردستان دەترسێنێ!

لە کۆتایی مانگی رابردوودا سەرکۆماری سربستان لە وتەکەی خۆی لە کۆبوونەوەی گشتیی ساڵانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا لە نیۆیۆرک وێرای ئەوەی زۆر سەرسەختانە دژی خواستی سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ راوەستا، سەرنجی ئامادەبووانی بۆ خاڵێکی هەستەوەر راکێشاو گوتی :" سەربەخۆیی هەرێمی کۆزۆڤۆ بۆ کوردەکان هاندەرێکی گرنگ دەبێ تا بتوانن بە هیوای دەیان ساڵەی خۆیان کە پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆیە بگەن".

"**بۆریس تادیچ**" سەرکۆماری سربستان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:" ئەگەر کۆزۆڤۆ کە سربستان دژی سەربەخۆیی ئەو وڵاتەیە، سەربەخۆیی بەدەست بێنێ، رێژەیەکی بەرچاو لەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی وڵاتانی دیکەدا دەژین تێکۆشانی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی چڕتر دەکەنەوە، یەکێک لەو نەتەوانە کوردە، ئەگەر ئەوانیش بەو مافە بگەن، دەبێ شاهیدی دەیان کۆزۆڤۆی دیکە لە جیهان دا بین".

تادیچ دژایەتیی وڵاتەکەی سەبارەت بە سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ دووپات کردەوە و ئامادەیی خۆی بۆ وتوویژ لەگەڵ بەرپرسانی کۆزۆڤۆ دەبڕی.

جێگەی ئاماژەیە کە دانیشتوانی کۆزۆڤۆ لە میانەی راپرسییێکی نافەرمی دا کە ئەمساڵ لەو وڵاتە بەڕێوە چوو خواستیان کە کۆزۆڤۆ لە سربستان جیابێتەوەو سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ، لەو بەستێنەدا هەریەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا پشتیوانی خۆیان لە داخوازییەکانی کۆزۆڤۆ پێشان داوە، بەڵام سربستان و روسیا دژی ویستی گەلی کۆزۆڤۆ راوەستاون و سەرسەختانە دژی سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ تێدەکۆشن.

لێرەدا ئەگەر لە وتەکانی تادیچ ورد ببینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو مرۆڤە رەگەزپەرستە نەک بە تەنیا دژایەتی سەربەخۆیی گەلی کۆزۆڤۆ دەکات، بەڵکو دژایەتی سەربەخۆیی و ئازادی تەواوی نەتەوە ژێردەستەکانیش دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە دەیەوێ لەو پەنجەرەیەوە سەرنجی تورکیاو هەموو ئەوانەی دژایەتی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان دەکەن رابکێشێ و هاوپەیمایەتی دژ بە خواستی گەلانی ژێردەست و داگیرکراو پێکبهێنێ!!

بۆریس تادیچ ئێستا رەزامەندی روسیای وەک دەوڵەتێکی زلهێزی جیهان مسۆگەر کردووە، دەیەوێ لە رێگەی تورکیاشەوە رەزامەندی ئەمریکای گەورە زلهێز مسۆگەر بکات، یان لانی کەم وا لە ئەمریکا بکات کە پشت لە گەلی کۆزۆڤۆ بکات و ئاوڕیان لێنەداتەوە.

تادیچ دەزانێ کە رژێمی تورکیا بەناوهێنانی کوردو سەربەخۆیی کوردستان وەلەرزە دەکەوێ، بۆیە سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ بە سەربەخۆیی کوردستان دەبەستێتەوە لە تورکیا دەخوازێ بۆ رێگرتن لەسەربەخۆیی کۆزۆڤۆ هاوکاری بکات. ئەو ناراستەوخۆ بە سەرانی تورکیا دەڵێ ئەگەر کۆزۆڤۆ سەربەخۆیی خۆی وەدەستبێنێ، ئیدی کوردستانیش سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ، ئەوەش بە هەڵوەشانەوەی وڵاتەکەی ئێوە تەواو دەبێ، ئێوە بڕۆن ئەمریکای هاوپەیمانتان رازی بکەن منیش لە داهاتوودا هاوکاریتان دەکەم و رێگە لەسەربەخۆیی کوردستان دەگرین!! تادیچ ئامادەیی خۆی بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەرپرسانی کۆزۆڤۆ پێشان دا، بەڵام داوای لە تورکیا نەکرد کە دانوستاندن لەگەڵ نوێنەرانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بکەن!

بە واتایێکی دیکە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست، تادیچ بە تورکیا دەڵێ: تۆ ئەمریکا بۆمن رایی بکەو منیش روسیا بۆ تۆ رایی دەکەم، بەڵام ئەو رەگەزپەرستە ئەزموونەکانی مێژووی گەلانی داگیرکراو لەبیر خۆی دەباتەوەو دەخوازێ لەسەر حسابی دیتران دا نەتەوەکەی خۆی هەورازتر ببات.

قسەکردن لەسەر رەوەندی رەگەزپەرستی و دەمارگیریی سەرانی هەندێ وڵاتی جیهان زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام لانی کەم بیست ساڵی رابردوو سەڵماندوویەتی کە سەرانی رژێمی سربستان و تورکیا سەبارەت بە دژایەتیکردنی نەتەوە ژێردەستەکان دوو دیوی یەک دراوی قەڵپن، بۆ گەورەکردنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەکانی خۆیان لەهەموو دەرگەو پەنجەرەیەک دەدەن، نە باکیان بە سەرکۆنەی گەل و وڵاتانی جیهانە، نە لێکدانەوەی وردیش بۆ داهاتووی وڵاتەکەی خۆشیان دەکەن.

لەبەدبەختی نەتەوەی کورد دا نەک هەر داگیرکەرانی نیشتمانەکەی دەمارگیرو بەرژەوەندخوازن، بەڵکو سەرکردەی هەندی وڵاتانی دیکەی جیهانیش لەخۆڕاوە کلکی مشارەکە دەگرن و پەنجەی لێ ڕادەوەشێنن، ئەوەتا سەرۆکی سربستان بێ ئەوەی لەلایەن کوردەوە سووکە ئازارێکی پێگەیشتبێ، بێ ئەوەی کورد سوکە هەڕەشەو ناحەزییێکی دژ بە سربستانی لەخۆی پێشان دابێ، کەچی وڵاتانی جیهان بە سەربەخۆیی کوردستان دەترسێنێ. هەروەها روسیا لەمبەرەوە دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیەنێ و ئەمریکاش لەوبەرەوە پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و وڵایە دروستکراوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناڤین دا دەکات!! و دژایەتی خۆیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاشکرا دەکەن؟!



ئەو هاوکێشەیە چەندە پێوەندی بە هەستی دەمارگیری سەرانی وڵاتانی سربستان و تورکیاوە هەیە، چەندە پێوەندی بە بەرژەوەندخوازی زلهێزانی جیهانەوە هەیە، ئەوەندەش پێوەندی بە لاوازی و شکستی دیبلۆماسێتی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانەوە هەیە. لانی کەم ئەگەر چاوێک بە مێژووی چل ساڵی رابردووی خەباتی بزاڤی رزگارییخوازی گەلی کوردستان دا بخشێنینەوە، دەبینین کە هەمیشە یان دژ بە رەوتی جیهانی سەوڵی لێداوە، یان لەگەڵ دژە رەوتەکاندا رێگەی گرتووە.

دیبلۆماسێتی کوردستان لەخۆڕاوە بۆ لێدانی میلۆسۆڤیچ سەرچۆپی کێشا، بۆ بردنەوەی پارتی دادو گەشەپێدانی رەجەب تەیب ئەردۆگان ئاهەنگ و شایی دابەستاو لەجیاتی ئەوانەوە رایانگەیاند کە پرۆسەی دیموکراسی لەتورکیا رێگەی خۆی گرتووەو لەبەرژەوەندی کێشەی کوردستان دایەو با کەس لە دژی ئەنکارا دەنگ بەرز نەکاتەوە!! لەخۆڕاوە خۆی لەکێشەی نێوان بزووتنەوەی فەتح و حەماش هەڵکێشاو لایەنگری لە فەتح کرد، لەخۆیەوە حزبوڵڵای بە چاوگەی شەڕو هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لبنان دانا، لەخۆڕاوە رۆڵی ناوبژیوانی رەزاقورسی لە کێشەی نێوان شیعەو سوننەی عێراق هەڵبژاد، ئەمانەو دەیان شتی دیکە کە ناکرێ بە ئاسانی بەسەریان دا باز بدرێ و تەنیاو تەنیا دیتران تۆمەتبار بکەین.

گەلی کوردستان و دۆزە رەواکەی لەنێوان دوو مەنگەنەدا گیری خواردووە، لەلایەکەوە دەمارگیران و بەرژەوەندخوازانی جیهان سەنگەریان لێگرتووە، لەلایەکی دیکەشەوە دیبلۆماسیەتی بزاڤی رزگاریخوازی لەقاوغی کلاسیک دا ماوەتەوەو لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە، ئەگەر هەندێک پێیانوابێ کە دیبلۆماسێتی بزاڤی رزگاریخوازی باشووری کوردستان زیرەکانە رەفتاری لەگەڵ کێشەی نێوان ئەمریکاو سەدام دا کردو توانی هێزەکانی ئەمریکا بەرەو ناوچەکە رابکێشێ، نەک هەر وەک نەعامە سەری خۆیان لە ژێر خاک دا دەشارنەوە، بەڵکو دوای تێپەڕبوونی مەترسیەکەش ناتوانن سەری خۆیان لەژێر خاکەوە دەربێنن. بەرنامەی خودی ئەمریکاو بەرژەوەندخوازی و دەستبەسەرداگرتنی پەترۆل هێزەکانی ئەمریکای هێنایە ناوچەکەو رژێمی سەدامی رووخاند، ئێستاش ئەگەر ئەمریکا نەرمی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەنوێنێ و بەدەمیانەوە پێدەکەنێ واتای خۆشەویستی و هاوپەیمانی ناگەیەنێ، بەڵام کاتێک دەبینێ لە ناوچەکانی دیکەی عێراق دا دژایەتی دەکرێ و سەربازی لێدەکوژرێ، لە کوردستانیش مافوری بۆ رادەخرێ و خوانی بۆ دەڕازێندرێتەوە، ئیدی ناچار دەبێ رووکەشانە زەردەخەنە ببەخشێتەوە.

لەپێوەندە بە وتەکانی بۆریس تادیچ دەبووایە حکومەتی هەرێمی کوردستان نارەزایی خۆی پێشان دابایەو بە نامەیەکی فەرمی سەرکۆنەی بکردبایە، سەبارەت بە دژایەتیکردنی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد رەخنەی لێ بگرتبایە، بەڵام دیسانەوە خەمساردی و لاوازی دیبلۆماسێتی کوردستان وای کردووە کە تەنیا وەکو هەواڵێکی ئاسایی رۆژانە باسی لێوەبکرێ و بە خانەی فەرامۆشی بسپێردرێ.

هەر سەبارەت بە بۆچوونەکانی بۆریس تادیچ، من پێموایە دەبووایە رۆشنبیران و رۆژنامەوانان و کەناڵەکانی راگەیاندن بەرنامەی تایبەتیان پێکبهێنابوایەو بە شێوازی خۆیانەوە ئەو جۆرە رامان و بۆچوونانەیان لە قاو بدابایە.

ئەمرۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی تادیچ دەبێ بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان هاوسۆزی و پشتیوانی خۆی بۆ خواستی گەلی کۆزۆڤۆ پێشان بداو هەوڵ بدات پێوەندی دۆستانە لەنێوان هەردوو گەلی کۆزۆڤۆ و کوردستان دا دروست بکات، بەڵام دیسانەوە دیبلۆماسێتی کوردستان بۆ ئەوەی دڵی روسیا نەڕەنجێنی ئەو هەنگاوە هەڵناگرێتەوە.

بەکورتی و کرمانجی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە کایەی دیبلۆماسیدا کورتی هێناوە، وەکو پیویست توانی خوێندنەوەو راڤەکردنی هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکەو جیهانی نیە. ئەگەر بەلاچاوێکەوە سەیری دیبلۆماسیەتی هەندێ وڵات بکەین کە دۆستی روسیان و دژایەتی سیاسەتی ئەمریکاش دەکەن، بەڵام لایەنگری لە کێشەی کۆزۆڤۆدا دەکەن، واتە لەیەک کاتدا دژایەتی روسیای دۆستی خۆیان دەکەن و هاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەمریکای دوژمنیان دا دەنوێنن، چونکە ئەوان لە راستینی کایەی دیبلۆماسیەتی تێدەگەن و دەزانن کە دیبلۆماسیەت ئەوەیە لە داهاتوودا لەبەرژەوەندیدا بێتەوە، دیبلۆماسیەت تەنیا قاوەخواردنەوەو بەخشینەوەی زەردەخەنە نیە.

ئەمرۆ لە جیهانی سیاسەت دا هەموو ئەوانەی کە تەنیا بەرپێی خۆیان دەبینن، رامان و بۆچوونەکانی دیتران بە ناراست دادەنێن و نەیارانی خۆیان رەت دەکەنەوە، پیوانەی یارانی ئەشکەوتیان بۆ دەکرێ، ئاکام هەرەس دەهێنن و پەنجەی پەشیمانی دەکرۆژن و دادیشیان نادات.

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

hashm_abdulla@hotmail.com

# تورکیا لەبەردەم دۆڕانێکی دیکەدا

کایەی ترساندن و و تۆقاندنی خەڵکی سڤیل کە ماوەی چەند ساڵێکە دەوڵەتی تورکیا دژ بە کوردستانیان بەڕێوەی دەبات تەواو پێچەوانەی پرنسیپی بەیەکەوە ژیان و چەسپاندنی چەمکی ئاسایش و هێمنایەتی دەگەیەنێ کە زۆربەی وڵاتانی جیهان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەسەردەکەنەوە.

هەڕەشەو گوڕەشە بەردەوامەکانی سەرانی دەوڵەتی تورک نەک لەبەرژەوەندی ئاشتی و هێمنایەتی ناوچەکەو جیهان دانیە، بەڵکو ئەو پرۆسەیە هەڵدەگێڕێتەوە کە ئازادیخوازانی جیهان لێبڕاوانە کاری بۆ دەکەن. تەنانەت گرەوکردن لەسەر لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان کە بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندەکانی دەوڵەتی تورک جاڕ دەدرێ نەک هەر شکست و دۆڕانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو وەکو یاری ئاگرەکەیە لەوانەیە پرووشەکەی دەموچاوی خاوەنەکەی بسووتێنێ، دوای 90 ساڵ جارێکی دیکەش قەڵەمڕەوی تورک ملی خۆی لە دمکی مشار بسوێ و چەند نێچیرێکی لەدەم بەربێتەوە. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە رۆژانە خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەنگۆ و هەواڵە ترسناکەکان دا لەخەو هەڵدەستن، لە زاری کەناڵەکانی راگەیاندنەوە سیناریۆکانی تورکیایان بۆ رۆشن دەبێتەوە. هەمیشە دووپات لەسەر هێرشکردنی سوپاری تورک بۆ سەر گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێم و مرخ خۆشکردن لە کەرکوک دەکرێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان دوای ئەوەی کابینەی رەجەب تەیب ئەردۆگان پێشنیارێکی خستە بەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی و لێیخواست کە رێگەی لەشکرکێشی پێبدات، پەرلەمانیش بێ ڕاوەستان دەنگی بۆ پێشنیارەکەدا ئیدی مەترسیەکان گەورەتر خۆیان نواند. ئێستا لەسەروبەندی هەڕەشەکانی تورکیادا هەرچەندە کە رەوشەکە ئاڵۆز و شێواوەو هەوڵی شێواندری زیاتریشی دەدرێ، بەڵام ئایا سەرانی تورکیا لەو لەشکرکێشیەدا بەراوردیان لەنێوان زیان و بردنەوەدا کردووە ؟؟ ئایا سەرانی تورکیا یادی یەکەمین شەڕی جیهانی ناکەنەوە کە تێیدا دۆڕاندیان و قەڵەمڕەوەکەیان بەرتەسک بۆوە؟!

ئەمجارەیان لەژێر پاساوی راوەدونانی گەریلاکانی پەکەکە و شەڕ لە دژی تیرۆریستانەوە بەرنامەی لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان جۆش دەدرێ، بەڵام کوردستانیان دەزانن کە تورکیا بەتەنیا بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لە بناری قەندیل ناکاتە ئامانج، ئەگەر بۆی بچێتە سەر هەم گورز لە دەستکەوتەکانی باشوور دەدات، هەمیش دەست بەسەر نەوتی کەرکوک دادەگرێ، سەرانی تورکیا لە سەرکەوتن مسۆگەر نین، بۆیە هەندێ جار باس لە پەلامار و هێرشی بەرتەسک و دیاریکراو دەکەن، وا رادەگەیەنن کە ئەوان تەنیا بنکەو بارەگاکانی پەکەکە هەڵدەتەکێنن و بە خێرایی دەکشێنەوە!!

تورکیا گرەو لە سەر گێژاو و ئاڵۆزیەکانی ناو عێراق و شپرزەیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفگانستان دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش نامەی خۆشەویستی بۆ سەرانی دەوڵەتانی ناوچەکە دەنێرێ، دەیەوی سەرنجی تاران و دیمەشق بۆلای خۆی رابکێشێ، لەسەرێکەوە دەیەوێ بە دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی بڵێ کە تورکیای کەمالیزم و عەلمانی کۆتا بووەو سەردەمی خەلافەتی عوسمانلی زیندوو بۆتەوەو دوورەپەرێزی لە کریستیان و هێزە ئیمپریالیزمەکان دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە لەپەناوە دەست لەسەر سنگ بۆ خواست و داخوازیەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا رادەوەستێ و سۆزو گوێڕایەڵی خۆی دووپات دەکاتەوە وبانگەشەی لەگۆڕنانی گروپە توندڕۆکان دەکات.

بۆ بردنەوەی ئەم هاوکێشەیە سەرانی تورکیا چاوی خۆیان لە ئاست جیهانگیری دادەخەن. لە بەرانبەر ماسمێدیای گۆی زەویشدا لۆکە لە گوێچکە دەنێن و شەمەندەفەری شەڕ بۆ نێو چیاکانی کوردستان بەڕێ دەکەن، ئەوان بەو ئامانجەوە لێیدەخوڕن تا فارگۆنێکی دیکەش بۆ شەمەنەفەرەکەیان زیاد بکەن، بەڵام چونکە جیهان گۆڕاوەو رەوشی کوردستانیان و ناوچەکەش گۆڕانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئیدی شەمەنەفەری تورک لەجیاتی درێژتر بێ، کورت دەبێتەوەو فارگۆنی لێ دەبێتەوە.

سوپای تورکیا بەمەبەستی پاککردنەوەی رێگەی شەمەندەفەری شەڕ لە هەنگاوی یەکەم دا تۆپبارانی گوندو ئاواییەکانی سەر سنووری دەست پێکردووە، لە راگەیاندنەکانیشدا ئامادەیی خۆی بۆ هەموو سەرکۆنەو رەخنەیەک دەربڕیوە، کەواتە سەرانی تورک دەیانەوێ بە پانی لێیبخوڕن، ئەوانەی بە پانیش لێی دەخوڕن، ئاکام هەڵدەدرێن و خلۆر دەبنەوە.

تا ئەم چرکە ساتە تورکیا هەڕەشەکانی چڕتر دەکاتەوە، ئەمریکا هەوڵی هێورکردنەوەی دەدات و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بانگی ئاشتی و بێوەیی دەدات، ئەمەش گوشارێکی دووسەرەیەو لە کوردستانیان دەکرێ، لەم نێوەندەدا حکومەتی عێراق قازانج دەکات، وا لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکات کە لە ئاست خواستەکانی بەغداد دا نەرم بنوێنن و مەیلی خۆیان بۆ عێراق و عێراقچێتی نوێ بکەنەوە. ئەمریکا باش دەزانی ئەگەر تورکیا لەشکرکێشی بۆ ناو هەرێمی کوردستان بکات کە ئارامترین هەرێمی عێراقە ئیدی خۆی زەرەرمەند دەبێ، ئەوێشی لەدەست دەردەچێ، کەواتە ئەمریکا لەبەر خۆشەویستی کوردستانیان دانیە کە هەوڵی هێورکردنەوەی رەوشەکە دەدات، بەڵکو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیەتی و نایەوێ گوشارەکانی سەری زیاتر بێ.

وێڕای ئەوەی کە پارتی دادوگەشەپێدانەکەی ئەردۆگان لەژێر گوشاری ئۆپۆزیسیۆن دایە و چالاکی ئەم دواییەی گەریلاکانیش شوتی لە تۆپەکە داوە، وێڕای ئەوەی کە سەرکۆمار و سەرۆک وەزیران ترسیان لە کۆدیتای سەربازی هەیە، بەڵام دیسانیشەوە دەتوانن زمانێکی دیکە هەڵبژێرن و کێشەی نێوەخۆیان بە ئاشتیانە یەکلایی بکەنەوە، دەنا ئەزموونی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لبنان خەڵکی کوردستانیان دڵنیا دەکاتەوە کە تورکیا دەدۆڕێ و سەنگەری بەرخۆدان قەندیل ئاسا قایم رادەوەستێ و لە شکان نایەت.

**رێکار ئەحمەد**

rekarahmed@hotmail.com